قەرەنی قادری

# کۆنفرانسی هەولێر؛ کردنەوەی دەرگایەک بەرەو لێک تێگەییشتن

لە ١٥ و ١٦ی مانگی دووی ئەمساڵ، کۆنفرانسێک لە ژێر ناوی «با بەیەکەوە بەدوای ئاشتی ئایندەدا بگەڕێین» لە هەولێردا بەڕێوەچوو. ئەم کۆنفرانسە لە لایەن سێ دامەزراوەی تورکیا و هەرێمی کوردستان (پلاتفۆرمی ئابانت ـ تورکیا، زانکۆی سەلاحەدین و دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی) سازدرابوو. ئەوە یەکەمین جارە کە ژمارەیەکی بەرچاو لە ڕۆشنبیران، لێکۆڵەران، پسپۆران، ڕۆژنامەوانانی هەرێمی کوردستان و تورکیا، لە کەشوهەوایەکی هێمنانە و بە زمانی دیالۆگ، پێکەوە باس لە کۆمەڵێک پرس، کێشە، نیگەرانی و داهاتووی هەردوو لا بکەن. ئەم کۆنفرانسە تا ڕادەیەک توانی ترس و دڵەڕاوکێ بڕەوێنێتەوە و ئەم دەرفەتە مەدەنییە بۆ ڕووناکبیرانی هەرێمی کوردستان و تورکیا بێنێتە کایەوە، کە بوێرانە باس لەو پرس و کێشانە بکەن، کە تا دوێنێ مەودایەکی ئاوا نەڕەخسابوو. لەم دیدارە گرینگەدا، گەرچی باس لە ڕابردووش دەکرا، بەڵام بیر لەو کۆسپ و تەگەرانە، هەروەها لێدوان سەبارەت بە داهاتووی پرس و پەیوەندییەکان کرا، کە بۆ پێکەوە ژیانی ئاشتییانە، دۆزینەوە و بەهێزکردنی خاڵە هاوبەشەکانی هەرتک لا، چی بکرێت. کۆنفرانسی هەولێر ئەو دەرفەتەی بۆ پسپۆران و شارەزایانی هەرێمی کوردستان و تورکیا پێکهێنا، تا یەکتر بناسن و بەگوێرەی تێڕوانینی خۆیان، باس لە کێشە، گرفت و پرسەکان بکەن.

یەکەمین ڕۆژی کۆنفرانسەکە، کە دانێکی بۆ کردنەوە و خوێندنەوەی پەیامەکان تەرخان کرابوو، بە بەشداریی نزیک بە ٤٠٠ کەس لە هەردوو لا بەڕێوەچوو. لەم بۆنەیەدا، نەوزاد هادی پارێزگاری هەولێر و وەکو خانەخوێش، لە کردنەوەی کۆنفرانسەکەدا، سەرەڕای هیوا و ئاوات خواستن بۆ قووڵکردنەوەی گیانی برایەتی لە نێوان دوو دراوسێدا، گوتی: «ئەم هەڵوێستە دڵسۆزانەی پەرلەمانتاران، نووسەران و ڕۆشنبیرانی کورد و تورک لە هەر دوولا، بەپەرۆشبوونیانە بۆ داهاتووی نەوەکانمان و بۆ پێکەوە ژیانی برایانە و دۆستانەیە، هەروەها هەڵوێستگرتنە لەهەمبەر جوداکاریی، یەکتر نەویستیی، دژایەتیکردنی یەکتر و زمانی توندوتیژییە.»

نەوزاد هادی سەبارەت بە ئەزموونی ڕابردووش باسی لەوە کرد: «ئەوەی کە لە ڕابردوودا فێری بووین ئەوەیە، کە زمانی توندوتیژی، گوللە، خوێن، دوژمنایەتی و پەلاماری سەربازی، تەنیا مەینەت، نائارامی و پشێوییە و ئاکامێکی تری نییە. با دەرس لە هەڵەکان وەربگرین و نەوەکانی داهاتوومان بزانن، کە برا و هاوسۆزی یەکترین و دوژمن و ناحەزی یەکتری نین. با ئەوان دڵیان بە داهاتوو خۆش بێ.»

پارێزگاری هەولێر لە بەشێکی تری قسەکانیدا بەئاماژە بە عێراق و بارودۆخی نوێ گوتی: «ئەزموونی عێراقی تازە و دوای ڕووخانی ڕژێمی دیکتاتۆری بەعس و هاتنەکایەی ڕۆژگاری تێکەڵبوون بە ژیانی دیموکراسی، بەشداریی کورد، عەرەب و نەتەوەکانی تر لە دارشتنەوەی حوکمڕانی لە عێراق لەسەر بنەمای دەستوور، دەسکەوتێکی گەورەی گەل و

نەوزاد هادی پارێزگاری هەولێر

ئاسۆ کەریم بەڕێوەبەری گشتیی دەزگای موکریانی

فەلەکەدین کاکەیی وەزیری ڕۆشنبیریی هەرێمی کوردستان

د. محەمەد سەدیق سەرۆکی زانکۆی سەلاحەدین

حکوومەتی کوردستانە و دڵسۆزانە کار لەسەر جێگیربوونی ئەم ڕاستییەدا دەکات.»

نەوزاد هادی پارێزگاری هەولێر بە جەختکردنەوە لەسەر ئەم ڕاستییە، هەروەها بە ئاماژەکردن بە هاوکێشەبوونی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ چارەسەرکردنی بەشێک لە کێشەکان ڕایگەیاند: «هەرێمی کوردستان پردی پەڕینەوەی عێراق و تورکیایە و دەروازەی یەکەم هەنگاوی دۆستایەتی هەردوو لاش، لێرەوە دەست پێدەکات. چەند ئەو پردە تۆکمە، قایم و بنەمای پتەو بێت، ئەوەندە بۆ بەرژەوەندیی هەردوو لامان بەسوود دەبێت. ئەوەش ڕاستە کە بۆ گفتوگۆ و دیالۆگی هاوبەش، خەڵکمان لە نێواندا بێت، بەڵام بۆچی بۆ خۆمان، ڕاستەوخۆ لە کێشەکان و بنیاتنانی داهاتوو، هەروەها بەرژەوەندییەکانمان نەدوێین.»

هەر لەم بۆنەیەدا، فەلەکەدین کاکەیی وەزیری ڕۆشنبیریی هەرێمی کوردستان، بە ئاماژە بە پێکەوە ژیانی ئاشتییانە گوتی: «بەڵێ تورکیا نە بەس پەنجەرەیە بۆ ئێمە بەڕووی دنیادا، بەڵکو دەرگایەکی گەورەشە. دڵنیا و ئومێدەوارین ئەو دەرگایە هەمیشە کراوە بێت، هەر بۆیەش دەبێت هەموو لایەک، هەموو گەلانی کوردستان و تورکیا پێکەوە هەوڵبدەن کە بە ئاشتی و دۆستایەتی بژین. خۆشحاڵین کە ئێستا لێرەدا کۆدەبینەوە و دیواری چەندین ساڵەی لێک پچڕان دەڕمێنین و بناغەی پەیوەندییەکی دۆستانەی گەش لە نێوان میللەتانی تورک و کورد دادەڕێژین.»

وەزیری ڕۆشنبیریی هەرێمی کوردستان، لەبارەی ڕۆڵی گەشەسەندن و پێکەوەکارکردن ڕایگەیاند: «ئێمە لە هەرێمی کوردستان، داخوازی پێکەوە ژیانی ئاشتیانە لەگەڵ یەکتر و میللەتان و حکوومەتەکانی ناوچەکەدا دەکەین، کە لە بەرژەوەندی هەردوو لامان دایە. هیوادارین بۆ ئاوەدانکردنەوە، گەشەسەندن، پێشکەوتنی ئابووری، کۆمەڵایەتی، کولتووری و شارستانییەت لە وڵاتەکانماندا، پشت و پەنای یەکتر بین. ئێمە دەتوانین ژیانێکی نوێ دابمەزرێنین. دەتوانین ڕابردووی تاڵ و ناخۆش بەجێ بهێڵین. دەتوانین ئومێد بە داهاتوویەکی جوانتر و ڕووناکتر ببەستین، هەروەها وزە و تواناکانمان یەک بخەین.»

فەلەکەدین کاکەیی بە ئاماژە بە بەشداریی ڕۆشنبیران و مامۆستایانی زانکۆ لە هەر دوو لا، ئەوەی دەربڕی: «ئامادەبوونی مامۆستایانی زانکۆکانی تورکیا لەگەڵ خۆشک و برایانیان لە هەرێمی کوردستانی عێراق، هیوایەکی گەورە دەبەخشێت، کە باشترین و کورتترین ڕێگای چەسپاندنی دۆستایەتی و هاوکاریی نیوانمان، هەمان ڕێگای کولتوور، زانست و هونەرە.»

وەزیری ڕۆشنبیری لە کردنەوەی کۆنفرانسەکەدا سەبارەت بە ڕۆڵی دیالۆگ و فرەلایەنی، ئاماژەی بەوە دا: «ئێمە دڵنیاین کە هەر دیالۆگێکی دۆستانە بە ئەنجامێکی باش دەگات، بەتایبەت ئەگەر دیالۆگ لە نێوان زانایان و ڕۆشنبیرانی وەکو ئێوەی بەڕێزدا بێت. ئێستا سەردەمی یەکتر قبووڵکردن، فرەلایەنی و فرەڕۆشنبیرییە، هەر بۆیە دیالۆگی ئەم کۆبوونەوەیە، جێگەی بایەخی میللەتەکەمانە. ئێمە لە هەرێمی کوردستاندا، سیستەمی فرەلایەنە و فرەڕۆشنبیریمان قبووڵکردووە و چەسپاندوومانە. بەپێی یاسا، مافی کولتووری، هونەری، خوێندن و پەروەردەی گەلی تورکمان، ئاشووری، کلدانی، سریانی و ئەرمەنی دابینکراوە.»

وەزیری ڕۆشنبیری بە ئاماژە بەکردنەوەی تەلەفزیۆنی کوردی لە تورکیا و خوێندنی زمانی کوردی لە زانکۆکانی ئیستامبوڵدا گوتی: «ئێمە زۆر خۆشحاڵین کە لە تورکیادا پێشکەوتنێکی وەها دەبینین، کە دەوڵەتی تورکیا کەناڵێکی تەلەفزیۆنی ئاسمانیی بە زمانی کوردی دامەزراندووە و تاڕادەیەکی باش زمانی کوردی ئازادتر بووە، هەروەها لە زانکۆکانی ئیستامبووڵ و ئانکارادا، خەریکن وانەگوتنەوە دەکەنەوە.»

فەلەکەدین کاکەیی وەزیری ڕۆشنبیریی هەرێمی کوردستان لە کۆتایی قسەکانیدا، بەئاماژە بە پێکەوە ژیان و لێبوردەیی، بە بەشداربووانی کۆنفرانسە کە لە تورکیاوە هاتبوون، گوتی: «ئێوە پەیامی لێبوردەیی، خۆشەویستی و دۆستایەتیتان هێناوە، ئێمە پڕ بەدڵ ئارەزووی سەرفرازی و پێشکەوتنی خەڵکی تورکیای دراوسێمان دەکەین. ئێمە هەموومان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا پێکەوە گرێدراوین و لە کەشتییەکداین و پێشکەوتنی هەر لایەکمان، پێشکەوتنی هەموومانە. ئاشتی لە هەر وڵاتێکدا، ئاشتییە بۆ هەموومان. ئێمە دەبێ ئەو ئاشتییە بپارێزین. ئێمە بە هەموو توانایەکمانەوە، لایەنگری لە ئاشتی و ئارامی لە سەرانسەری ناوچەکەدا دەکەین.»

پەیامی زانکۆی سەلاحەدینیش لە لایەن سەرۆکی ئەم زانکۆیە خوێندرایەوە. دکتۆر محەمەد سەدیق سەرۆکی زانکۆی سەلاحەدین، بەئاماژە بە بەیەکەوە ژیان و هاوکاری، هەروەها ڕۆڵی ئەم چەمکانە لە کۆمەڵگە و دەوری زانکۆ لە بڕەوپێدانیاندا گوتی: «لەگەلێک وڵاتاندا، زانکۆکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، بەمەبەستی جیاجیا کۆنفرانسی ئەکادێمی بۆ ئەم چەمکانە ساز دەکەن. دیارە زانکۆش لە هەر وڵاتێکدا بە مەڵبەندی شارستانی، زانست، ڕۆشنبیری و پراکتیزەکردنی دەناسرێت، لەبەر ئەوە بە سەنتەری ئەم چەمکانە و بە شوێنێکی شیاو لەقەڵەم دەدرێن، بۆیە هەنگاوەکان لەوێوە سەرچاوە دەگرن. گۆرانکاری و پێشکەوتن لە هەر کۆمەڵگەیەکدا، بەر لە هەر شتێک، لە ڕێی زانکۆوە ئاڕاستە وەردەگرن.»

سەرۆکی زانکۆی سەلاحەدین، هەر لەم سۆنگەیەوە سەبارەت بە ئەرکی زانکۆی سەلاحەدین ئەوەشی ڕاگەیاند: «زانکۆ سێ ڕۆڵی گرینگی لە ئەستۆدایە و دەبێ بە باشترین شێوە ئەرکەکانی بەڕێوە بەرێت. ئەم ئەرکانە بریتین لە وانە گوتنەوە، ئەنجامدانی توێژینەوە و خزمەت گەیاندن بە کۆمەڵگە. زانکۆکەمان جگە لە وانە گوتنەوە، بە توێژینەوەی ئەکادیمی لەسەرجەم بوارە زانستییەکاندا، هەمیشە ئامادەیە بۆ هاوکاریکردن بۆ ئەوانەی، کە پرۆژەی جۆراوجۆریان بۆ خزمەتکردنی کۆمەڵگەی کوردستان هەیە. ئەمڕۆش پلاتفۆرمی ئابانت، زانکۆی سەلاحەدین و دەزگای موکریانی، بەخشیشێکی تر بە کۆمەڵگەی کوردستان دەکەن. ئێمە دڵنیاین کە دەبێتەی مایەی بەهێزبوونی تواناکان، بۆ ئەوەی پردی پەیوەندییەکان لە نێوان زانکۆکانی کوردستان و تورکیا لە لایەک و دامودەزگاکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەمەبەستی توندوتۆڵکردنی پەیوەندییەکان، بۆ دابینکردنی بەرژەوەندییە هاوبەشەکان، پتەوتر بێت.»

د. محەمەد سەدیق لە بەشێکی تری پەیامەکەیدا، تەما و داواکاریی زانکۆی سەلاحەدینی دایە بەرباس و ڕایگەیاند: «ئێمە وەک زانکۆی سەلاحەدین، دەمانەوێ پەیوەندیی توندوتۆڵمان لەگەڵ زانکۆکانی تورکیادا زیاتر بکرێت و سوود لە ئەزموونی زانکۆکانی تورکیا وەربگرین، چونکە تورکیا وڵاتێکی گرینگی ناوچەکەیە و ئێمە پێمانوایە، کە دەتوانرێت بە ئاسانی پەیوەندیی زانستی و ئەکادیمیان لەگەڵدا گرێ بدەین. ئێمە توانیمان بەشی تورکی لە زانکۆی سەلاحەدیندا بکەینەوە، کە هیوادارین جێگەی بایەخی هەردوو لامان بێت.»

هەر لە کردنەوەی کۆنفرانسەکەدا، سالیبا ئوزمە، زانای ئایینیی سریانی، بەگرینگیدان بە پێکەوە ژیان و هەوڵدان بۆ گەیشتن بە ئاشتی لە نێوان پێکهاتەکانی ئەم دوو کۆمەڵگەیەدا، (تورکیا و هەرێمی کوردستان) بەم شێوەیە هاتە ئاخەفتن: «من خۆشحاڵم بەو کۆبوونەوەیە، ئێمە هەموومان بەدوای ئاشتیدا دەگەڕێین، ئەو کۆڕوکۆبوونەوە دۆستانەیەی کە لە ناوماندا ڕێکدەخرێن، بۆ ئەو ئاشتییەیە کە دەمانەوێت بەدەستی بێنین. من وای بۆ دەچم، بەهەماهەنگیی لەگەڵ تورکیادا، دەتوانین ئەو ئاشتییە بەدەست بێنین. بە هاوکاریی پلاتفۆرمی ئابانت، بە کورد، تورک، سریانی و هەموو پێکهاتەکان، دەتوانین ئاشتی مسۆگەر بکەین.» سالیبا ئوزمە بە ئاماژە بە چەند چەشنی و چەند ڕەنگی لە بواری دینی و ناسنامەییدا، گوتی: «مرۆڤەکان هەر چییەک بن، سەر بە هەر دینێک بن، با پێکەوە جیهانێک دابمەزرێنین و لەناویدا بژین.»

هەر لە کردنەوەی کۆنفرانسەکەدا، ئاسۆ کەریم بەڕێوەبەری گشتیی دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، لە

سەرەتادا ئاماژەی بەوە دا: «ئەرکی ئێمە وەکو دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی و زانکۆی سەلاحەدین ئەوە بوو، کە پێکەوە لەگەڵ برایانمان لە (پلاتفۆرمی ئابانت) ئەو ئامانجە لەمێژینەیە بهێنینە دی و ئامادەسازیی بۆ ئەو دیدارە بە ناوەڕۆک گرنگە بکەین. خۆشحاڵین کە ئەو شانازییەمان پێ بڕا و لایەنێکین لە کۆکردنەوەی ڕاستەوخۆی هەڵبژاردەیەک لە ڕووناکبیرانی تورکیا و کوردستانی عێراق، کە بەیەکەوە لەسەر مێژی گفتوگۆ، ئازادانە و دۆستانە لەسەر بنەمای وەک یەکبوون و ڕێز لە یەکتر و یەکتر قبووڵکردن، دیالۆگ لەگەڵ یەکتردا بکەن.»

بەڕێوەبەری دەزگای موکریانی سەبارەت بە چەشن و ئامانجی ئەم کۆنفرانسە گوتی: «ئەوەی ئەمڕۆ لە هەولێر، دیالۆگێکی بەرفرە و بەرنامە بۆ داڕێژراوە، هەنگاوێکی چەشنییە لە نێوان هەردوو کۆمەڵگەی تورکیا و هەرێمی کوردستان، چونکە هەڵبژاردەیەکی بەرچاو لە هەر دوولا، لە خاوەنڕایان، بۆ یەکەمین جار ئاوا کۆ دەبنەوە.»

ئاسۆکەریم بەڕێوەبەری گشتیی دەزگای موکریانی سەبارەت بە ئامانجی گشتیی ئەم کۆنفرانسە ڕایگەیاند: «ئامانج و مەبەستیش زێتر ئاشنابوون بەیەک و بچووککردنەوەی بازنەکانی لێکحاڵی نەبوون، هەروەها بەرفرەکردنی پانتایی خاڵە هاوبەشەکانە بۆ بەیەکەوە هەڵکردن و ڕێز لە (خیارات)ی یەکتر و بەشداریکردن لە هێنانەکایەی زەمینەیەک بۆ ڕەواندنەوەی نیگەرانییەکان و دامەزراندنی پەیوەندییەکی دۆستانە و دراوسێیانەی وەک یەک و دواتر هاوکاریی دوو قۆڵیی و چەند قۆڵیی لە داهاتوودا.»

چەند ڕۆژ دوای کۆنفرانسی هەولێر، دەنگدانەوەکەی شوێنێکی بەرچاوی لە لاپەڕەی ئامرازەکانی ڕاگەیاندنی گشتیی تورکیادا دۆزییەوە. سامی کۆهەن لە ڕۆژنامەی (میلییەت)دا بابەتێکی لە ژێر ناوی (پێویستیی کردنەوەی کۆنسوڵگەری لە هەولێر)دا سەبارەت بە کۆنفرانسی هەولێر نووسی: «پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا ڕۆژ بەڕۆژ بەرەو باشیی دەچن و ئەنجامدانی ئەم کۆبوونەوەیە لە هەولێر، کارێکی نموونەیی بووە و دەستخۆشی لێ دەکرێت.»

سامی کۆهەن لە بەشێکی تری وتارەکەیدا نووسی: «پێویستە چیدیکە تورکیا خۆی لە کردنەوەی کۆنسوڵگەری لە هەولێر نەدزیتەوە.»

ئیمرە ئاک گوێز نووسەری ڕۆژنامەی (سەباح) لە بابەتەکەیدا لە ژێر ناوی (کێ دەبیتە برا گەورەی کوردستانی گەنج) سەبارەت بە کۆنفرانسی هەولێر نووسی: «با لەوە گەڕێین کە ناوەڕۆکی کۆنفرانسەکە چی بوو، خودی ئەوەی کە ١٠٠ ڕۆشنبیری تورک بچنە هەولێر، بۆ خۆی ئەنجام و دەسکەوتێکی گەورەیە.»

ڕۆژنامەی ستاری تورکی لە ڕاپۆرتی خۆیدا سەبارەت بە کۆنفرانسی هەولێر نووسی: «وڵاتێک دروستبووە، کە بەرهەمی قوربانیدانی کوردەکانە و لە فڕۆکەخانە کە دابەزین، مۆری ئەو وڵاتەمان بینی، تورکیا دەبێ ئەو ناوە قبووڵ بکات، چونکە ڕێز نەگرتن لە وشەی کوردستان، بێڕێزییە بەرامبەر بە خەباتی کوردەکان.»

گۆڤاری ئێکۆنۆمیست، لە دواین ژمارەکەی خۆیدا نووسی: «لە کۆبوونەوەکەدا، سەرکۆنسوڵی تورکیا لە مووسڵ، لەبەردەم ئالای کوردستان، قسەی بۆ بەشداربووان کرد.»

بەپێی بارودۆخی عێراق و ناوچەکە، هەروەها بەهاوکێشەبوونی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، ئەو چاوەڕوانییە دەکرا، کە کۆنفرانسەکە و ئاکامەکانی دەنگدانەوەی جۆراوجۆری لێ بکەوێتەوە. ئەگەر بێتوو ئەم چەشنە کۆنفرانسانە لە نێوان ڕۆشنبیرانی تورکیا و هەرێمی کوردستان، لە تورکیا، هەروەها بەپێچەوانەش لە هەرێمی کوردستاندا درێژەیان هەبێت، دەتوانن ڕێگەخۆشکەر بن بۆ نزیکبوونەوەی زیاتر، کە لە ئاکامدا دەکرێت بەرەو ئاقارێک ڕێنوێنی بکرێن، تا یارمەتیدەر بن، بۆ گواستنەوەی پەیوەندییەکان لە نێوان حکوومەتی تورکیا و حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا. کۆنفرانسی هەولێر لە چەشنی خۆیدا، وەکو هەنگاوێکی مێژوویی، سەرەتا و ڕێگەخۆشکەرە بۆ هەنگاوەکانی دواتری دیالۆگ، لە نێوان دوو یەکەی سیاسی و کۆمەڵایەتیی دراوسێدا، کە تا ئەم دواییانە دەرگەی گفتوگۆ و لێدوان لە نێوانیاندا داخرابوو!